دەستاتی دادوەری بەدواداچوون بە ئەو پەشەلکارییانە دەکات کەلەسەر پرسی هەبژاردنەکان تەمارکراون

ئەمە یەکشەممە ئەنجومەنی باڵای دادوەری، بەدواداچونی بە ئەو پەشەلکاریانەی راگەیاند کە لەلایەن دەستەی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانەوە لەبارەی پرسی بانگەشەی هەبژاردنەکان تەمارکراون. دەستاتی دادوەری لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند: ئەمڕۆ یەکشەممە فایق زێدان سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای دادوەری،ڕێنمایی داوە کە ڕێکارەکانی دەستەی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان سەبارەت بە ئەدای دەزگاو دامەزراوە میدیییەکان و میوانەکانیان، بەپێی هەندێك بڕیاری دادوەری پەیوەست بە ناوزڕاندن و سووکایەتیکردن دەستنیشان بکەن ، هەروەك ڕێنمایەکە بریتییە لە تەمارکردنی ئەو سەرپێچیانەی کە لەلایەن دەستەی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانەوە نەردراون، سەبارەت بە ئەدای هەندێك دەزگای ڕاگەیاندن و ئەو میوانانەی کە لە کاتی بەرنامەو ڕووماڵەکانی دەزگاکان دەردەکەون لە ناوزڕاندن و سوکایەتی کردن ،کە بەپێی بڕگەکانی مادەکانی (433، 434، و 435) یاسای سزادانی عەراقی سزا دەدرێن.